ئاسۆ بیارەیی
2006-2-10 سوێد



# مەریوان هەڵەبجەیی لە دۆزەخی ئەنفالدا

**زۆر بوون ئەوانەی لە دۆزەخی ئەنفالی تەعریبدا سووتان**
**کەمن ئەوانەی وورتەیان لێوەهات و دژی هەستان**

لە کۆمەڵگە کۆلێکتیڤەکانی ناوچەی ڕۆژهەلات، ئاسیا و شوێنەکانی تری جهیان تاکەکەس و بۆچونە جیاوازەکانی گەورەترین تاوانن و زۆر جار مردنی ئەو کەسە دەبێتە دوایین ئەنجام.

کۆمەڵگەی دواکەوتوی کوردی، یەکێکە لەو جۆرە کۆمەڵگانە کە تا ئەمڕۆ کەسەکان نابێت وێردیان شتێکی تر بدرکێنێت کە لە گەڵ بۆچونی ووتەی سەرۆک هۆز، سەرۆک بنەماڵە، ئاین و داب و نەریتە دواکەوتووەکان کێشە دروست بکات، نموونەی زیندوو **دکتۆر کەمال سەید قادر** کە هێشتا لە زیندانی پارتییدایە **و مەریوان هەڵەبجەیی** کە بڕیاری ڕاوکردنی لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە بۆ دراوە. سەدەها زانای گەورە لە ئەوروپا پێش 200 ساڵ دووچاری هەمان کۆسپ و کوشتن و ڕاوانان بوون، هێزی کۆمەڵگە بەسەر تاکەکاندا ئەوەند زاڵە کە تاکو تاکاکەکان دەنرێنە گوڕیش وازایان لێناهێنت. دەسەلاتی کۆمەڵگە دەسەلاتێکی دێرنە کە کۆی کەڵەکەبووی چەندەها ساڵ ژیانی مرۆڤایەتییە.

ئاین یەکێکە لەو هێزە مەزنە کە مرۆڤەکانی بەخۆیەوە گرێداوە. لە کۆمەڵگە کۆلێکتیڤە دواکەوتووەکانی وەکو کۆمەڵگەی کوردی، چوەتە ناو ناخی دەرونی تاکەکەسەکانەوە و خشتەیەکی تایبەتی پڕ لە ئەرک و فەرمانی لە مێشکیاندا داناوە و لە ڕەفتاری ڕۆژانەیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

ئەو کەسانە کە دژی **مەریوان هەڵەبجەیی** شمشێریان بۆ کۆشتنی لە هەسان داوە، چەکی دەستی ئەو کومەڵە دواکەوتووەن کە بروایان بە هیچ جۆرە بیرۆکەیەکی نوێ نییە کە لە گەڵ ئەو (جەدوەلەدا)خشتەیەدا کە هەیانە ناگونجێت. ئەو تاکانەی لەو دۆخە دەرونییەی کە تێدا دەژین جێی بەزەیی و دڵدانەوەن، چونکە ناتوانن لەو کۆتو زنجیرەی بۆیان دانراوە ڕزگاریان ببێت. دەروازەکانی مێشکیان، گوێیان و هەست و نەستیان بەشێک لەو یاسایانە پێکدێنیت کە بۆیان دانراوە. کەواتە ئەو کەسانە کوێرە سەربازن و پرۆگرام کراون و ئاگایان لە دنیای دەرەوەی کۆمەڵگەکەی خۆیان نیە.

نەبوونی زمانی دیالۆگ و تێگەیشتن لە دەروەی ئاینێک، نەریتێکی تایبەتی بە کۆمەلگەیەک کە بە پاشکەوتووترین شێوە دەژی، گەورەترین زیانی دەرونی، ئابوری و مێژویی لەو کۆمەلگە کۆلەکتیڤە دەدات. چونکە (ئاینێک، نەریت) دەبێتە ڕێگر لە بەردەم گەشەکردنی فرەگەلی کۆمەلگەی ناوبراو. هەڵس و کەوتی تاکەکەس بەشێکی کۆی کۆمەڵگە پێکدێنێت، کە زیندانێکی لە داب و نەریتکیی نەبینراو بۆ خولقاندوە و هوشیاری کۆمەلایەتی لە بار بردوە.

### چارەنووسی مەریوان هەڵەبجەیی

کەواتە چارەنووسی مەریوان هەلەبجەیی لە کۆمەڵگەی کۆلەکتیڤی کوردیدا بەردەبارانی مردنە، چونکە بەپێی نۆرم و پیوەرەکانی کۆمەڵگە، کە درێژەی پاشکۆی کۆمەڵگەی جاهلی عەرەبیە، تاک بۆی نییە پیرۆزیەکانی کۆمەڵگە و ناوی ڕابەرەکەی پێشێل بکات. بۆیە بۆ تاک بیر و بۆچونی خۆی بخاتە بەردەم تاکەکانی تر و لێکۆڵینەوە دژ بسەلمێنێت کە ببێتە هۆی لاوازکردنی دەسەلاتی ئایین یان داب و نەریت.

### فاکتەری لاوەکی

دوورنییە ئەگەر مەریوان هەڵەبجەیی خاوەن پێگەیەکی ئابوری بەهێزبوایە، ئەو کەسانەی کە خوێنی حەڵادەکەن وورتەیان بکرادایە، چونکە کەسانی تر هەن نەک ڕەخنەیان لە ئاین نەگرووتە بەڵکو سوکایەتیشیان بە ئیسلام و بە نەتەوەی عەرەب کردووە،. با ئەوانەی کە لە خۆرا کوێرانە بڕیاری کوشتنی کەسانی وەکو مەریوان هەڵەبجەیی نە

دەدەن، بچن بۆچون و کتێبەکانی خەڵکانی تر بخوێننەوە،  ئەوسا جارِی هەلواسینی بدە. من لێرەدا ئەدرەسی ئەم سایتە دەخەمە بەردمیان با بەراودی بکەن لە گەڵ بۆچونەکانی مەریوان هەڵەبجەییدا <  http://ladeeni.net/pn

### مەریوان هەڵەبجەیی و سێبەری دەسەلات

لەبەر ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەسەلاتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا هەیە کە مەریوان هەڵەبجەیی تێدا دەژی، دەبێت ئەو دەسەلاتە کە خۆی بە ئالاهەڵگری دیموکراتی دەزانێت، نەک تەنها ژیانی مەریوان هەڵەبجەیی، بەڵکو ئازادی ژیانی هەموو ئەو کەسانە بگرێتە ئەستۆ کە خەمخۆری پرۆسەی ئازادی دەربرِینن لە باشووری کوردستاندا.

## زەنگی هوشیاری بۆ ینک و پارتی

جارِدانی  ئیسلامی سیاسی بۆ رِاوکردنی **مەریوان هەڵەبجەیی** باشترین زەنگی هوشیارییە بۆ **ینک و پارتیی** کە ئەمرۆ بالادەستن لە باشووری کوردستاندا، کە دەبێت  بە خۆیان بچنەوە، چونکە رِۆژێک نۆرەی ئەوانیش دێت کە دەبێت دەستبەرداری سەروەریان بن.  با چیتر چەپەکانی باشووری کوردستان و بزوتنەوەی کرێکاران لاواز نەکەن، لێ تەنها ئەوانن پشت و هاوسەنگەریان !!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!